وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بە سودانی سەبارەت بە بەردوامانی کێشەی نەوتییەکان: پێویستە تاوانباران لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکرێ

وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا رایگەیاند ،وەزیری دەرەوە لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی عێراق قسەی کردووە سەبارەت بە هەرشەکانی ئەم دواییە بە سەر ژێرخانی وزە ،وجێختیکردوەتەوە لەسەر گرنگی لێپرسینەوە لە تاوانباران و ڕاگریکردن لە هەرشەکانی داهاتوو لەلایەن حکومەتی عێراقەوە.

تامی برووس، وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، لە راگەیەندراوەکدا رایگەیاند، مارکۆ روبیە، وەزیری دەرەوە. لەپێیوەندیکی تەلەفۆنیدا قسەی لەگەڵ محەممەد شیاع سوودانیدا،جێختی لە پاپشتی ئاسایش و سەقامگیری عێراق کردوەتەوە لەلایەن ئەمریکاوە، ئاماژەی بەوەکردووە لەگەڵ حکومەتی عێراقیشدا دەوەستین لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئاستەنگە ئەمنییەکان، بەتایبەتی ئەوانەی کە دامەزراوە گرنگەکان و کەرتی وزە دەکەنە ئامانج.

هەروەها، "وەزیری دەرەوەی ئەمریکا ئاماژەی بە گرنگیی پەدانی بەردەوامی مووچەی هەرەمی کوردستان و دەستپێکردنەوەی هەناردەکردنی نەوت لە ڕێگەی بەریی عێراق-تورکیاوە کرد".

لە راگەیەندراوەکەدا هاتووە، پرسەکی دیکەی قسەکانی نەوانیان حەشدی شەعبی بووە کە مارکۆ روبیە "نیگەرانیی قووەی ئەمریکای سەبارەت بە پەژیاسای دەستەی حەشدی شەعبی دووپاتکردەوە".